نەشتەر

د. رەوشت رەشید دەینووسێت

## وەزیفە و ویژدان

زۆرجار باسی ئەو ئیلتیزامە ئەخلاقیەمان کردووە کە سوێندی پزیشکی بۆ پزیشکێك دروستی دەکات. با بۆ چەند ساتێك واز لەو ئیلتیزامەی سوێندی پزیشکی بێنین. لەدەرەوەی هەموو ئەمانەدا ئیلتیزامێکی ئەخلاقی ومەبدەئی هەموو خاوەن پیشەیەك بەپیشەکەی خۆی دەبەستێتەوە، جا ئەم پیشەیە رەسمی بێت یان غەیرە رەسمی، حکومی بێت یان غەیرە حکومی، گرنگ ئەوەیە لەناو چوارچێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ولەسیاقی ئەو رەوتە ئینسانیە بێت کە مرۆڤ دەبەستێتەوە بە ژیان. لەنێوان دارتاشێك وپیشەکەی جۆرێك لە ئیلتیزام هەیە، لە نێوان وێنەگرێك و ئیشکردنەکەی جۆرێك لە ئیلتیزام هەیە، لەنێوان نوسورێك ونوسین، لە نێوان مامۆستایەك ومەنهەجی وانەگوتنەوە، لەنێوان فەرمانبەرێك ودائیرەکەی. . لەنێوان هەموو ئەمانەدا جۆرێك لە ئیلتیزام هەیە. ئەم ئیلتیزامە ماناو مەدلولی جۆراوجۆری لەپشتە، لەوانەیە ئەو ئیلتیزامە پیشەیی بێت، یان ئیستاتیکی، یان پەروەردەیی، یانیش ئینسانی، بەڵام دواجار هەریەك لەو ئیلتیزاماتانە ئەخلاقێك دەیانبات بەرێوە کە بەبی ئەو ئەخلاقیاتە، هەم پیشەکەو هەم خاوەنی پیشەکەش بەشێکی زۆر لە هەیبەت ورەوایەتی خۆیان لەدەست دەدەن ودەکەونە چوارچێوەی گومانەوە.
لە ژمارە (236) ی هاوڵاتی رۆژی 10-8-2005، لە لاپەرە پێنج رێپۆرتاژێك لەسەر نرخی عیادەی پزیشکان ورای خەڵك بڵاوکراوەتەوە. ئەو رێپۆرتاژە ناوی یەکێك لە پزیشکە پسپۆرەکان دێنێت کە وەڵامی برادەرانی هاوڵاتی نەداوەتەوەو فەرمویەتی: (لە عیادە مەجالم نیە، مەگەر لە دەرفەتێکی تر بێن بۆ نەخۆشخانە) .
دیارە ئەم پسپۆرە بەرێزە راست دەکات، بەرێزیان لەسایەی سەری باش بەرێوەبردنی نەخۆشخانەکان ولە سایەی بازاری گەرمی عیلم وئینسانیەت، نەوەك هەر مەجالی وەڵامدانەوەی رۆژنامەنوسێك یان ئیعلامیەکیان نیە، بەڵکو دەرفەتی قسەکردنیان لەگەڵ هیچ کەسێك نیە کە پارەی عیادەی نەدابێت. من بۆخۆم رۆژێکیان چومە عیادەی یەکێك لە پزیشکە پسپۆرەکانی هاوپیشەی خۆم، ویستم باسی بابەتێکی لەگەڵدا بکەمەوە، یەکسەر رایگرتم وگوتی: (دکتۆر گیان ئەم مەوزوعە لێرە باس مەکە، وەرە لە نەخۆشخانە باسی دەکەین) . مانای هەرە سادەی ئەم وەڵامەی ئەو پزیشکە بەرێزانە ئەوەیە، ئەوان لە عیادە سەرقاڵی نەخۆش بەرێکردنن ومەجالی قسەو باسیان نیە، بەڵام لە نەخۆشخانە مەجالیان زۆرە. . لێرەدا پرسیارێکی زۆر مەعقول بەخەیاڵی هەر هەموومانادێت، ئەویش ئەوەیە: ئایا بۆچی پزیشکان لە عیادەی تایبەتی خۆیان مەجالی قسەکردنیان نیە بەڵام لە نەخۆشخانە مەجالیان زۆرە؟ ئایا نەخۆشخانە نەخۆشی کەمتری لێیە لە عیادە؟ ئایە ئەو پزیشکەی ئەم وەڵامەی داوەتەوە، لە نەخۆشخانە خەریکی چیەو ئەو هەموو مەجالەی لەکوی هێناوە؟ بەمانایەکی دی بۆچی لە عیادەکانیان کات ئەوەندە گرنگە کە مەجالیان نیە دوو قسەی تیا بکەن، کەچی لە نەخۆشخانە کە رۆژانە هەزاران نەخۆش رووی تێدەکات وپرە لە ئیش وسەرقاڵی، کات ئەوەندە بێنرخەو ئەوەندە زۆرە کە ئاساییە هەرباس وخواسێکی لێبکەنەوەو تا حەز دەکەن قسە بکەن؟!. کەسێك سەردانی نەخۆشخانەکان بکات تێدەگات پزیشکە پسپۆرەکان بۆچی لە نەخۆشخانە مەجالیان زۆرە. من لێرەدا هەندی لەو

خالآنە باس دەكەم كە تێماندەگەیەنێت ئەو هەموو مەجالەی پزیشكان لە نەخۆشخانە حكومیەكان لەكوێوە دێت:

1- هەموو پزیشكێكی پسپۆر لە هەفتەیەكدا رۆژێكی بۆ دانراوە كە دەبێت لەو رۆژەدا لە سەعات هەشتی بەیانی تا یەكی نیوەڕۆ نەخۆش ببینێت وچارەسەریان بكات. زۆربەی پسپۆرە بەرێزەكان لەو پێنج سەعاتەی كە بۆیان دانراوە تەنها چەند دەقیقەیەك بۆ خۆنیشاندان دەچنە راوێژكاریەكان و، پاشان وەزعەكە تەسلیمی ئەو پزیشكە گەنجانە دەكەن كە لە قۆناغی خوێندن وفێربووندان. هەندی لە پزیشكە پسپۆرەكان هەر ناچنە راوێژكاریەكان و، پێیان عەیبە لە نەخۆشخانە نەخۆش ببینن، یان ئەگەر نەخۆشێك لە عیادەوە نەهاتبێت چارەسەری بكەن.

2- هەر پزیشكێكی پسپۆر پێویستە هەموو بەیانیەك، هەموو ئەو نەخۆشانە ببینێت كە ئەو داخیلی كردوون و، دەبێت بە تێروتەسەلی بیانپشكنێت و، بەردەوام چاودێری باری تەندروستیان بكات. كەچی لە نەخۆشخانەكانی ئێمە جگە لە ژمارەیەكی كەمی پزیشكان، هیچ پزیشكێكی پسپۆر وەكو پێویست بەو كارە هەڵناستێت. هەیانە لە رۆژێكدا یان لە هەفتەیەكدا چەند دەقیقەیەك یان چەند سەعاتێكی كەم نەخۆشەكانیان دەبینن، هەشیانە زۆر كەمتر لەو كاتە تەرخان دەكەن بۆ نەخۆشەكانیان و، دووبارە هەموو ماندوبون وبەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستۆی پزیشكە لاوەكان.

3- لە هەندی لە نەخۆشخانەكان شوێنێك هەیە پێیدەڵێن شوێنی ئیسراحەتی پزیشكان. ئەوەی جێی سەرەنجە ئەوەیە ئەو شوێنە لەگەرمەی دەوامی رەسمیدا وەكو دیوەخان وایەو، بەشێكی زۆری پسپۆرەكان لەوی خەریكی چا خواردنەوەو نوكتە گێڕانەوەن، لەكاتێكدا نەخۆشەكان ئەم ژورو ئەو ژور بەدوای ئەم بەرێزانە دەگەڕێن. ئەو پزیشكانەش كە ناچنە ئەو شوێنە یان لە ژوری تایبەتی خۆیانن یانیش نەخۆشخانە بەجێدەهێڵن ودەڕۆن ئۆغر.

ئیدی پزیشكێك لە راوێژكاری دەوام نەكات و، لە هەفتەیەكدا تەنها چەند دەقیقەیەك نەخۆشەكان ببینێت و باقی خەریكی چا خواردنەوەو ئینتەرنێت وقسەی قەڵەو بێت، چۆن لە نەخۆشخانەدا مەجالی یەكجار زۆرنابێت، بەتایبەت كە دەسەڵاتێك نەبێت لێیبپرسێتەوەو پێی بڵێت: ئەی ئەوەی ئیدیعای مرۆڤدۆستی و ئینسانیەت دەكەیت، خۆ تۆ لە نەخۆشخانەش پارە وەردەگریت، تاكەی ئەو هەموو بێویژدانیە؟

rawisht@dr.com